ڕۆمانی یاخی، یەکێکە لە بەرهەمە هەرە شیرینەکانی نووسەری بەناوبانگ "یەشار کەمال". ئەم ڕۆمانە، تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە. خوێنەر کە دەستی بداتێ، ئیتر ناتوانێ وازی لێ بێنێت، هەتا دوایین لاپەڕە و وشەی نەخوێنێتەوە. خۆم دەمێك بوو ئەم ڕۆمانەم خوێندبۆوە و بە ئاواتەوە بووم هەلێك هەڵکەوێ و دەرفەتێك بڕەخسێت و بیکەمە کوردی. بەسەرهاتەکە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەیە. خوێنەر ماندوو ناکا و بگرە یەکێکە لەو بەرهەمە ئەدەبییانەی بۆ ئەوە دەبێ لەکاتی ماندووییدا بیخوێنییەوە بۆ ئەوەی بتحەسێنێتەوە. سەرکەوتنەکانی چاخیرجالی، ئەو پاڵەوانە خۆماڵییە خوێنەر شاگەشکە دەکات. بەتایبەتی ئەو کاتانەی زاڵم و ملهوڕەکان دەمکوت دەکات و پارەیەکی زۆریان لێ دەستێنێ و دەیداتە فەقیر و هەژاران. ئەم بەسەرهاتە، ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە و یەشار کەمال، کردوویەتە ڕۆمانێکی شیرین. هیوادارم وەك خۆم چێژم لە خوێندنەوە و تەنانەت لە وەرگێڕانیشی وەرگرت، خوێنەرانیش ئاوا وەك خۆم چێژی لێ وەرگرن.

لەگەڵ ئەوەشدا لە ناخی دڵمەوە سوپاسی هەموو ئەو خۆشەویستانە دەکەم، کە بەچاوی ڕەخنەگرانەوە دەیخوێننەوە و ئەگەر خاڵێکی لاوازیان بەرچاو کەوت ئاگادارم دەکەنەوە و هەڵە و پەڵەم بە نووکی قەڵەمی خۆیان بۆ ڕاست دەکەنەوە.

وەرگێڕ

مافخوراواندا تیٚ بکۆشیٚ؟ ئەفە واتە پشت و پەنای مافخوراوان. ئەفە واتە باوکی هەتیوان. ئاوایان بە ئیٚمە گوتووە ئەفە. سەبەینیٚ هەیتوەکانم دیٚنم و لە ماڵەکەی تۆ بەرەڵلایان دەکەم. ئەوەی ئەفەیە، دەبیٚ بزانیٚ بۆچی بووەتە ئەفە. مەزراکەمان لە خەلیل ئاغا بستیٚنەوە. یان مشووریٚکمان لیٚ بخۆ. ئەگەر ئەفەی، ریٚوشویٚنی ئەفەیی بزانە و ئەگەر ئەفەش نیی، دەرپیٚکەی ئیراز لەپیٚ بکە و کۆلوانەکەی لەسەرت بئالیٚنە و وەك من خۆت بە بیٚوەژن بزانە... تیٚگەیشتی ئەفە؟

ئیتر ئەفە مەزراکە لە خەلیل خان دەستیٚنیٚتەوە و دەیداتەوە خاوەنە راستەقینەکەی خۆی.

وردە وردە ئەفە جیٚگەی مەحکەمە دەگریٚتەوە. حکوومەتیش ئەوە دەبیستیٚتەوە. حکوومەت وردە وردە ترسی لیٚ دەنیشیٚ. چما قەبووڵ دەکریٚ یەکیٚك بۆخۆی حکوومەت دروست بکا و ببیٚتە ملۆزم لە ئاغاکان؟ دەبیٚ مشووریٚکی بخوریٚ. دەبیٚ بیانوویەکی لیٚ بدۆزنەوە و بۆ تاهەتایە ئەفە بیٚدەنگ بکریٚ.

کردەی ئەفە، ئاغاکانی نارەحەت دەکرد. ئاغا و دەرەبەگی ناوچە پیٚیانخۆش نەبوو کەس لەمپەریان بیٚ. چما مەملەکەتیٚك چەند حکوومەتی دەویٚ؟ چما دەکریٚ لە نیٚو هەناوی دەوڵەتدا، دەوڵەتیٚکی دیکەش دروست بکریٚ؟ نابیٚ نا. بەلام ئەی دەوڵەت چ دەکا؟

چاخیرجالی کە لە چاخ بوو، بەلامی گیانی ئاغا و جەندرمان بوو. ئیٚستاش کە هاتووەتە خواریٚ، کاری ئاوا دەکا. دەبیٚ ریٚیەك بدۆزنەوە. هەرچۆنیٚکی بیٚ، رۆژیٚك ریٚگاچارەیەك هەر دەدۆزریٚتەوە. دەبیٚ چاخیرجالی و مەحکەمە سەربەخۆکەی لەناو بچن. بەلام دەبەرگ و ئاغا کە زیانیان پیٚگەیوە، راناوەستن. تاقەت ناهیٚنن. چەقۆیان گەیوەتە ئیٚسقان و دەبیٚ مشووریٚکی بخوریٚ.

لە ئەفە کۆنەکان کیٚ ماوە؟ کام ئەفە دوژمنی چاخیرجالییە و چاوی پیٚی هەڵنایە؟ کیٚ دەتوانیٚ بەرەنگاری بیٚتەوە؟ کیٚ هەیە لە چاخیرجالی نەترسیٚ و دەرقەتی دیٚ؟

"چاملیجالی حوسیٚن"یان هەڵبژارد. چاملیجالی دوژمنی چاخیرجالی بوو. چەند کەس لەو یاخییانەش کە دوژمنی چاخیرجالی بوون، کۆی کردنەوە و چیای گرت. یەکەم شتیٚکی کردی، خوشك و کچەکەی چاخیرجالیی کوشت و ئەوجار لیٚی راسپارد:

چاخیرجالی:

ـ ئای لەو دەوروزەمانەیە، کابرایەکی دایکی حیز و بیٚ غیرەتی وەك چاملیجالییش دەیەویٚ ببیٚتە ئەفە. دەیەویٚ لیٚمان ببیٚتە پیاو. ئەگەر تۆزە غیرەتیٚکت هەیە خۆت دەرخە. بۆ لە پشت بەردان خۆت حەشارداوە دایك حیز. خۆت نیشان بدە.

لەو جۆرە شەڕانەدا، ئەو کەسە دەیبردەوە، کە پتر دانی بەخۆیدا گرتبایە. هەرکەس تووڕە بوایە و کاریٚکی کەرانەی کردبا، دەپیٚکرا.

دەمەدەمی ئیٚوارە بوو، کە دەستەیەك جەندەرمەی دیکەش گەیشتنیٚ. چاملیجالی گەمارۆ درا. گەمارۆکەی جار بە جار بەرتەسکتر دەبۆوە. چیی پتر بازنەکەیان لیٚ ویٚك دیٚنایەوە، جنیٚوەکانیش پیستر دەبوون.

لەو کاتەدا تفەنگچییەکی گەنج بەناوی عوسمانەچکۆل، خۆی پیٚ نەگیرا. گەنج بوو و کەفوکولٚ هەلٚیگرتبوو. نەیتوانی جنیٚوەکان قەبوولٚ بکا، هەستایە پیٚ و تەقەی لە چاملیجالی کرد. چاملیجالی زۆر ئەنگیٚوە بوو. دەیتوانی لە ئاسمانیٚ لە چاوی بالٚندەی بدا. بە فیشەکیٚك عوسمانەچکۆلی بیٚدەنگ کرد.

حاجی:

ـ پیٚم گوتی، ئەفە. نەمگوت؟

عوسمانەچکۆلٚ سۆمای چاوی ئەفە بوو. لە هەموو تفەنگچییەکانی گەنجتر و ئازاتر بوو. ئەفە تیٚك چوو. ئاگری لە جەرگی بەربوو. قرچەی لە هەناوی هات و دەستی شل بوون. ئیتر تەقەی پیٚ نەدەکرا. لەوە پتر لە چاملیجالی نەچووە پیٚشیٚ. کە شەو داهات، چاملیجالی بۆی دەرچوو.

بەیانی نیٚردراویٚکی دیکە هات:

ـ چاخیرجالی ئەفە، چاملیجالی لە فلانە شویٚن چاوەڕیٚتە و دەلٚیٚ ئەگەر پیاوی، بۆم وەرە. بەلاٚم لە پشت جەندرمانەوە نا. ئەگەر ئازای خۆت وەرە با لیٚکی دەرکەین.

حاجی مستەفا:

ـ مەڕۆ ئەفە. خۆ هەر تۆ نی بەتەنیٚ. کوڕە تفەنگچییەکانیشتت لەبەر چاو بیٚ.

ئەفە:

حوكمدراوەكانیان سواری شەمەندەفەر كرد و بەرەو ئۆدەمیشیان بردن. لەو كاتەوەی وێستگەی ئەزمیریان بەجێ هێشت، عەلییە رەش دەستی كرد بە چرینی گۆرانییەكی شادی پاڵەوانی. ئەگەر فارگۆنەكە ئەوەندە تەسك نەدەبوو و ئەگەر جەندرمە لێی گەڕابایەن، حەزی لێ بوو دەورێكیش چۆپی بكێشێ. وا هەڵپەڕێ هەموو دونیا بڵێن ماشەڵڵا.

شەمەندەفەر گەیشتە ئۆدەمیش. وێستگەكە زژۆر قەرەباڵغ بوو. دەرزییت هەڵاویشتبایە، وەعەرزی نەدەكەوتەوە. خەڵك لە دێهاتی دوور و نزیكەوە هاتبوون. چیی خەڵكی ئۆدەمیش و دەوروپشتە، هەواڵەكەیان بیستبۆوەو هاتبوونە سەیركردن.

كە لە شەمەندەفەرەكە دادەبزی، ورد ورد چاوی بەنێو خەڵكەكەدا دەگێڕا. دیسانیش بە شوێن ئەفەیدا دەگەڕا... بە جلوبەرگی فەقێیانەوە، سۆل لەپێ و عابا بە كۆڵەوە... ئەی كوانێ؟ لەكوێیە ئەفە؟ كوڕە ئەو ئەفەیە هەر كات بەفیڕۆ دەدا. چما نازانێ نەیدەتوانێ لە تاریكایی شەوەكەدا ئەو ئاسنە ڕێیانە هەڵكەنێ و شەمەندەفەرەكە راگرێ؟ لەو قەرەباڵغییەدا، لە شوێنێكەوە دەركەوێ و ئەو لە چنگی جەندرمان ئازاد بكا و بڵێ:

ـ وەرە عەلی ئەفە، شوێنی تۆ بەندیخانە نییە. تۆ هەڵۆی كەژ و چیای. نەیدەتوانی بێ؟ نەیدەتوانی وا بڵێ؟ ئەی لە كوێیە؟

بە سمێڵی بادراو و چاوە رەش و درشتەكانی و بە دەموچاوە ئەسمەرەكەیەوە، زەردەیەكی بۆ برادەرەكانی كرد و سەیرێكی حەشیمەتەكەی كرد. جەندرمەیەكی زۆر لەوێ بوون. سەیری ئەوانیشی كرد. بەوانیش پێكەنی.

لە پڕ فكرێكی بە زەینیدا هات. لەوانەشە ئەفە هەر نەیە. ئەگەر نەهات چار چییە؟ بەڵام زۆر زوو ئەو خەیاڵەی لەخۆی دوور خستەوە. شەرمی لەخۆی كرد. چما دەكرێ ئەفە نەیە؟ ئەفە لە دەرفەتێك دەگەڕێ. ئەفە كارێك دەكا، ئەوەی لەوێیە، هەموو سەریان سووڕ بمێنێ و پێیان بە عەرزییەوە وشك بێ.

لە زیندانەكەی ئۆدەمیش سەیرێكی هەڤاڵەكانی كرد و سەرێكی بادا:

ـ تۆخوا بنیادەم ئەوەندە ترسنۆك دەبێ؟ ئەوە بەگیانی ناخێرتان ئێوە یاخین؟ ئەفە دێ. ئەی لە مەسەلەكەی "عوسمانە چكۆڵ"دا چۆن خۆی گەیاندێ؟ دیسان پەیدا دەبێ. ئەگەر عوسمانی هەموو سوپاكەشی كۆ بكاتەوە، دیسانیش ناتوانێ ئێمە لێرە راگرێ. ئەگەر ئۆدەمیش پڕ پڕیش بێ لە جەندرمە، دیسان ئەفە دڕیان پێ دەدا و ئێمە ئازاد دەكا. یانی ئێوە ئەفە ناناسن؟ پێ بكەنن، سەما بكەن. دەتانەوی تاكەی خەفەتی لێ بخۆن؟ عوسمانی نامەردیی كرد. ئەفە مشووریان دەخوا. بەو جۆرە وەك هەتیوان لە گۆشەیەك كرووشمە مەكەن.

